# سوێند بە ئەو زاتەی کە نەفسی منی بە دەستە دونیا کۆتایی نایەت هەتاوەکو پیاو بە لای گۆڕێکدا تێپەڕ دەبێت، خۆڵەکەی دەکات بە لاشەی خۆیدا ودەڵێت: خۆزگایە من لە شوێنی خاوەنی ناو ئەم گۆڕە بووایەم، ونەک بە هۆی هۆکاری ئاینیەوە، بەڵکو بەهۆی بەڵا وناڕەحەتیەکانەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سوێند بە ئەو زاتەی کە نەفسی منی بە دەستە دونیا کۆتایی نایەت هەتاوەکو پیاو بە لای گۆڕێکدا تێپەڕ دەبێت، خۆڵەکەی دەکات بە لاشەی خۆیدا ودەڵێت: خۆزگایە من لە شوێنی خاوەنی ناو ئەم گۆڕە بووایەم، ونەک بە هۆی هۆکاری ئاینیەوە، بەڵکو بەهۆی بەڵا وناڕەحەتیەکانەوە (بەهۆی ناخۆشیەکانی دونیاوە)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوە دەکات لە سەردەمی نزیکبوونەوەی کۆتایی دونیادا پیاو هەیە بە لای گۆڕی کەسێکی تردا تێپەڕ دەبێت وخۆڵی سەر گۆڕەکە دەکات بە لاشەی خۆیدا ودەڵێت: خۆزگایە لە شوێنی خاوەنی ناو ئەم گۆڕە دەبووم (لە شوێنی ئەم مردووە دەبووم) ئەمیش بەهۆی ئەو بەڵا وفیتنە وتاقیکردنەوە وناڕەحەتیانەیە کە لە ژیانی دونیادا تووشی بووە، وبەهۆی ئەوەی ئەم مردووە ئیسراحەتی کرد ورزگاری بوو لە ئازار وناڕەحەتیەکانی دونیا. وئەم فەرموودەیە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە دروستە مرۆڤ خۆزگا بە مردن بخوازێت، بەڵکو هیوا خواستن بە مردن نەهی لێکراوە بە شێوەیەکی گشتی مەگەر ئەوەندە نەبێت هەروەکو لە فەرموودەدا هاتووە کە کەسەکە بڵێت: خودایە ئەگەر ژیانم خێرە بۆم ئەوا بمژێنە (با بژیم)، وئەگەر مردن خێرە بۆم مردنم ئەوا بممرێنە (با بمرم)، ئەمەی لە فەرموودەکەدا باسکراوە تەنها هەواڵدانێکە سەبارەت بە ئەو ڕووداوانەی کە لە کۆتایی دونیادا ڕوودەدەن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee